

# کۆتری سەر مەیتخانەکە

**هێمن بەرزنجی**
**(سلێمانی)**

-١-

لە نیوە شەودا، ئەلیاس چوار مشقی لەسەر تەختەخەوەکە دانیشتبوو، لەو دەفرەی دەڕوانی، کە دڵێکی تێدابوو، پەردەی پەنجەرەی ژوورەکە دادرابووەوە، لە ئەشکەوتێکی بچووکی خەڵوەتنشین دەچوو، کە تەنیا گڕی فتیلەیەک ڕووناکی بۆ دروستکردبێت، ئەو وەک پیشەی هەموو شەوانێک، بەدیار ئەو دڵەی ناو دەفرەکەوە دادەنیشت، بەڵام ئەو نیوە شەوە جیاوازتر کە ڕووداوێکی سامناکی لێ کەوتەوە، ئەلیاس بەدەم ڕوانین لە دڵەی ناو دەفرە شووشەکە، بیر لە یادگاری و ڕۆژانی پێکەوە بوونی خاوەن دڵەکە دەکردەوە، لەناکاو دڵەکە کەوتە جووڵە، ئەلیاس سڵەمییەوە، کەمێک خۆی دوورخستەوە، ترسێک دایگرت، پاشان بەترس و دڵەکوتێوە، سەری بردە پێشەوە، گوشاری لەخۆی کرد، دەستێکی لە دەفرەکە دا، لەگەڵ دەست لێدانیدا ئەوەی سەیر بوو جووڵەکە بۆ تاوێک نەما. ئاهێکی هەڵکێشا، چاوی بۆ ماوەیەک داخست، بەڵام لەگەڵ کردنەوەی چاوەکانیدا، دیسان دڵەکە کەوتەوە لێدان. پتر ترساو خۆی هەڵدایە لاتەنیشتی تەختەخەوەکە، بەئاستەم سەری بەرز کردەوە لە دڵەکەی ڕوانی، لەگەڵ ئەوەشدا ویستی دووبارە دەستی بۆ بباتەوە، بەڵام کەمێک دانی بەخۆیدا گرت و چاوەکانی هەڵگلۆفت و قووڵتر تەماشای کرد. هەستی کرد زەمین لەرزەیەکی سووک، یان قۆڵی بەر دەفرەکە کەوتبێت بەو هۆیەوە ئەو جووڵەیە دروستبووبێت، بەڵام هیچ شتێکی لەو بابەتە لەگۆڕێدا نەبوو، هاوکات چونکە باوەڕی بەوەبوو، هیچ زانستێک نایسەلمێنێت دڵێکی مردوو دوای چل ڕۆژ بکەوێتەوە لێدان. تا دەهات دڵەکە لەناو دەفرەکەدا زیاتر گەورە بوو، بەڕادەیەک دەفرەکەی شکاندو کەوتە سەرمێزەکەو لەوێشەوە بۆ سەر زەوییەکە، زەوییەکە کە هیچ هۆرتە و کومبارێکی لێ ڕانەخرابوو. ئەو دۆخە زیاتر ئەوی ترساند، هەناسەی توند کرد، دەیویست هاوار بکات، بەڵام وەک ئەوەی دەنگی گیرابێت و لاڵ بووبێت هیچی پێ نەگوترا، پاشان هەرهێندەی پێکرا هەڵات بۆ لای دەرگای ژوورەکە، بە ئومێدی ئەوەی دەرگاکە بکاتەوەو دەرباز بێت، زیاتر

ترسی لێنیشت و ئەژنۆی شکا، وەک ئەوەی یەکەم جاربێت لوولەی دەمانچەی لەسەر ڕابگرن. دڵەکە بە بەردەوام لەسەر زەوییەکە لێی دەدا و هەڵدەبەزییەوە، ئەلیاس چاوی گێڕا بۆ شتێک دەستی بکەوێت و بیکێشێت بە دڵەکەدا، بەڵام هیچی چنگ نەکەوت، دڵەکە بەردەوام بوو لە لێدان و هەڵبەزینەوە، پاشان هێدی هێدی بەدەوری دڵەکەدا، لە زەویەکەوە دەمار و خانە و پارچەکانی جەستە هاتنە دەرەوە، خۆیان پێکەوە لکاندەوە، لاشەیەک دروست بوو، تەنیا قەفەزەی سنگی بەکراوەیی مایەوە، تا ئەو کاتەی دڵەکە بەیەک گوژم خۆی هاویشتە ناوی و بوو بەژنێک. ئەلیاس دەلەرزی و لاڵ بوو، ژنەکە دەستەکانی لە زەوییەکە داناو خۆی بڵند کردەوە، تا ئەو کاتەی توانی بە پێکانی خۆی ڕابووەستێت، پاشان پاشەو پاش گەڕایەوە و لەسەر تەختەخەوەکە دانیشت، بە دەستی ڕاستی پەرچەمەکەی لەسەر تەوێڵی لادا، بە دەنگێکی نووساوەوە کەوتە قسە. ئەلیاس بەقنە خشکێ خۆی گەیاندە ئەو دیو پەردەی پەنجەرەکە، پەردەکەی لەخۆی ئالاند کڕ و بێدەنگ، لە دڵی خۆیدا گوتی: نا هەرگیز شتی وا نابێت ڕووبدات.

-٢-

لە دوێنێوە، کە ئەو ئەلیاسە نەفرەتییە باسی ئەو ڕووداوەی بۆ کردووم، حاڵم خراپ بووە، هەر چاکیشە ماوم، دان بەوەدا دەنێم بنیادەمێکی ترسنۆکم، هەرگیز حەز بەبیستنی ئەو جۆرە شتانە ناکەم، هیچ کات حەزم بە بینینی فیلمی ترسناک نەکردووە، ئیرەییش بەوانە دەبەم، بەتاقی تەنیا تا کۆتایی بەدیار ئەو جۆرە فیلمانەوە دادەنیشن. لە دوێنێوە ڕەشەبایەکی ترسناک نوقمی ناو خۆی کردووم، وەختە بمخنکێنێت، ئەو دیمەنە لەسەر چاوم بۆ چرکەیەکیش لاناچێت، وەک سێبەرێک خەو و خۆراکی لێ تاڵ کردووم، بەسەر شۆستەکاندا دەڕۆم و هەست بەباران و جووڵە ناکەم، ئارەزووی خواردنم نەماوە، نازانم ئەلیاس ڕاست دەکات، یان نا؟! بەڵام ئایا چۆن دڵێک دوای ئەو هەموو ڕۆژە دەست دەکاتەوە بەلێدان و خانە و دەمارەکانی دروست دەبنەوە و دەبن بەهەمان ئەو ژنەی خۆشی ویستووە؟ ئەمە لەواقیعدا مەحاڵە و ناشکرێت بەو ئەلیاسە ڕاستگۆیە بڵێم درۆ دەکات.! خۆزگە هەرگیز ئەوم نەبینیایە، چونکە بەڕاستی تاساوم، دوێنێ شەو چەند جارێک لەخەو ڕاپەڕیوم دەم و لێوم بووەتە بزمەتە، لە بەیانیشەوە چەند جارێک دەڕۆمە بەر ئاوێنەکە، وەک کەشێکی پیس ترساو و ڕەنگ پەڕیو، زمانم دەردێنم لە سپێتییەکەی دەڕوانم. درۆ ناکەم بڵێم دووجار ئەو ژنەم لە ئاوێنەکەدا بینی، بەو حاڵەوە هەناسەی قووڵ هەڵدەمژم و گوێ لەخیزەی سنگم دەگرم، وەک ئۆتۆمۆبیلێکی مۆدێل کۆن هەست بەماندوێتی دەکەم، ئەو دۆخە هێندەی سەد بەرمیل تی ئێن تی ترسی بۆ خولقاندووم، دەڵێم: من بەبیستنی ئەو ڕووداوە هێندە ترساوم، داخۆ ئەلیاس چی بەسەرهاتبێت؟.

-٣-

ژنەکە لەسەر تەختەخەوەکە بەردەوام قسەی دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا دەیویست بەرەو لای ئەلیاس بڕوات، هاوکات دەیویست سوپاسی بکات، کە نەیهێشتووە دڵی لە ژێر خاکدا بڕزێت، هەروەها مەبەستیشی بوو بزانێت چۆن توانییەتی دڵی دەربهێنێت و لە دەفرێکا گلی بداتەوە، بەڵام ئەلیاس نەیدەوێرا پەردەکە لەسەر خۆی لابدات و تەماشای ژنەکە بکات، ترس پتر شاتاوڵی بۆ بردو وەک شەق شەقە دەلەرزی، ژێر خۆی کرد بە میز. ژنەکە دوو هەنگاو لێی چووە پێشەوە، گوتی:

-باسی بکە چۆن دڵی منت دەرهێنا و خستتە ئەو دەفرەوە!؟

ئەلیاس پتر زەندەقی چوو، پەردەکەی زیاتر لەخۆی ئالاند، خۆی گرمۆڵە کرد، تەنیا دەستی ڕاستی درێژکرد، وەک ئاماژەی ڕاگرتن و نەهاتنە پێشەوەی ژنەکە.

-٤-

چەند شەوێک لەوەوپێش، کە هێشتا ئەو ڕووداوە لە گۆڕێدا نەبوو، سەرێکم لە ئەلیاس دا، ئەو وەک هەموو شەوانی دیکە دانیشتبوو، لە دەفرە شووشەکەی دەڕوانی، دڵۆپ دڵۆپ فرمێسکی دەڕشت و دەکرۆزایەوە. ئەز بەردەوام تەماشام دەکرد و بیرم لەوە دەکردەوە چەند شەوە دەگری، گریان دەروونی هەلا هەلا کردبوو. گوتم: باشە ئەگەر هەر بگری چی لە مەسەلەکە دەگۆڕێت؟ باشە ئەی بۆچی نەگری، ئەو کە خۆشەویستەکەی بەکارەساتێک لەناو چووە!؟ دەشترسام ئەو دۆخە پەستانی بەرز بکاتەوە بێدەنگ سەکتە لێی بدات و خوێن لەدەم و لووتییەوە بێنێت و بێدەنگ بمرێت.هاوکات دەمزانی پرسەی ئەو ژنە وەک برینێک لەکۆڵی نابێتەوە.چاوم لەسەر ئەلیاس لابردو تەماشای تەپڵەکەکەم کرد، کە پڕبوون لەقونچکە جگەرە. بێ ئەوەی هیچ لەگەڵ مندا بڵێت جگەرەیەکی دیکەی داگیرساند، ژوورەکە بە دووکەڵ سیخناخ بوو، بەڕاست کێ دەتوانێت لەناو دووکەڵدا بژی؟ ئەلیاس لەمەڕ ئەو حاڵەوە تووشی نەخۆشی خەمۆکی هاتبوو، سەریشی کێشابوو بۆ شێتی، بەڵام هێشتا مابووی، بیرم لەوە دەکردەوە ئاخۆ یەکەمین ساتی شێتبوونی چۆن بێت؟

هاوار دەكات؟ بەرد دەهاوێت؟ یان تا تین لە گیانیدایە ڕادەكات؟

-٥-

تۆ وا بهێنە پێش چاوت، ئەلیاس شێت بووە، لەسەرخۆ بەهەمان شەقامدا دەڕوات کە تۆشی پێدا گوزەر دەكەیت، دەگاتە ئاستی تۆ داوای جگەرەیەكت لێ دەكات، بەڵام تۆ هەر زوو جگەرەكەی پێ دەدەیت، بۆ ئەوەنا كە لێی دەترسیت، وەک هەموو ئەوانەی لە بنیادەمی شێت دەترسن، تەنیا بە هۆكاری ئەوەی بۆنی میز و پیسییەكی كەسكونی لێ دێت و خۆی لە بەردا ناگریت. تۆ هەست بەوە دەكەیت ئەلیاس لەگەڵ داگیرسانی جگەرەكەیدا دەیەوێت دەردەدڵ و چیرۆكی خۆیت بۆ بگێڕێتەوە، بەڵام تۆ حەوسەڵەی ئەوەت نییە ئەو بۆگەنە هەڵبمژیت و خۆت نەبان دەكەیت و دەڕۆیت. ئەلیاسیش كەسی دەست ناكەوێت قسەی دڵی لا بكات و بەدەم نەفەس لێدانەوە ملی شەقامەكە دەگرێتەوە بەر، خوا دەزانێت بۆ كوێ دەڕوات.

-٦-

چل و دوو شەو لەوەوپێش لەگەڵ ئەلیاس لەژوورەكەدا دانیشتبووین، لەناكاو زەنگێک بۆ مۆبایلەكەی هات، خۆی بوو هەمان ئەو ژنە لەچک سپییەی بە دوایدا وێڵ بوو. من دووجار ئەو ژنە لەچک سپییەم بینیوە، جارێک لە پاركی شەهید سەلاحی ئەندازیار، جارێكی دیكە لە پاركی ئازادی، كە پێكەوە بەدەوری دەریاچە بچووكەكەدا پیاسەیان دەكرد، ئەو بە ژنەفتنی دەنگی ژنەكە وەخت بوو باڵبگرێت و بفڕێت، فڕین بۆ عاشق ئاسانە، دەتوانم نهێنییەک لەمەڕ فڕین بدركێنم، بۆ وێنە جارێک كوڕێک، لەسەر دارتێلێک كۆترێكی نیشان دام، كە ڕوو بەماڵی دڵدارەكەی هەڵنیشتبوو، كوڕەكە گوتی: برادەر پێت سەیر نەبێت ئەوە دەبیستیت، ئەوە ڕوحی منە لە جەستەی ئەو كۆترەدا، هەر هێندەم پێ كرا ئەوق بم و سەرم بابدەم.

ئەلیاس هەركە ئۆكەی لەسەر تەلەفۆنەكە كرد، بێ سڵاو كردن گوتی: ئەوە باوان شێواو كەوتیتە كوێوە، ساڵێكە بە دۆزەخت سپاردووم. پسام ئەوەندە بەدواتدا گەڕام، لەسەر تۆی حسێب ناكەم، بەڵام پێنج جووت پێڵاوم دڕاندووە. دوو جووتیان زۆر گران كڕیبووم. ژنەكە قاقایەكی لێداو گوتی: وای لەو عاشقە ڕەزیل و بێ چاو و ڕووە، ئەركی خۆی دەدات بە تەوێڵی مندا، ئەوەی گوت و نەیهێشت ئەلیاس درێژە بەقسەكانی بدات، گوتی: لەو قسانە بگەڕێ هێندە كاتم نییە سبەی یەک

دەبینین، بەڵام دەبێت ڕەچاوی ئەوە بكەیت، ناتوانم لە یەک كاتژمێر زیاتر لەگەڵتدا بمێنمەوە، تەلەفۆنەكەی داخست.

ئەلیاس بەجۆرێک توورەبوو و هاواری كرد، ژوورەكە دەنگی دایەوە، گوتی: ئاخر كچی كەر، بنیادەم چۆن بەیەک كاتژمێر تاسەی ساڵێكی پێ دەشكێت، دوو ڕۆژی دەوێت تا پێت بڵێم گەڕام بە شوێنتدا، لەكارەكەم دەركرام، بێكار بووم، لەو شارە قەرەباڵغ و ماڵە پڕ خێزانەدا كەوتمە گۆشەی تەنیاییەوە، بێ پارەو برسێتی وەک پەناهەندەیەكی نەشارەزا ئەژنۆی شكاندم. ڕووی بە ڕوخسارمەوە نەهێشت و لاوازی كردم. دەڕۆیشتمە پاركی ئالوودەكان سواڵی مەی و جگەرەم دەكرد. ئاگرێكی وەهات لەدڵدا كردمەوە ڕووباری سیروانیش نایكوژێنێتەوە. بەكورتی ئەلیاس بیری لەوە دەكردەوە ئەو ژنە لە مێشكی دەربكات، وەک پاكەتە جگەرەیەک دانە دانە خەفەتی بكێشێت و تەركی بكات، بەڵام ئایا خۆشەویستی تەرک دەكرێت؟ هەروەها بیری لەوە دەكردەوە كە بە كاتژمێرێک چی پێ دەكرێت؟ چی بۆ باس بكات؟

-٧-

ژنەكە ڕێک و زرنگ، بەهەمان ڕوخسار و شۆخوشەنگی جارانەوە، بەڵام ڕووت و قووت، وەک ئەوەی تازە لە گەرماودا خۆی ڕووت كردبێتەوە، هەنگاوێكی دیكە نزیک بووەوە، دیسان پرسی:نەتگوت دڵی منت چۆن دەرهێنا ؟ چۆن چل ڕۆژە لەگەڵیدا دەژیت. ؟ سەیركە من لەو كاتەدا هیچ ئاگام لێ نەبووە دڵت دەرهێناوم! دەمەوێت ئەوە بزانم، ئەو ڕۆژەی لەگۆڕیان نام مێرووەكان بەدوای دڵمدا دەگەڕان و دەیانگوت: تا ئێستا نەچووینەتە سەر لاشەیەک دڵی تێدا نەبووبێت...! ئەلیاس لەگەڵ ژنەفتنی ئەو قسانەدا، نوتەقی لەدەم نەهاتە دەرەوە. هێندەی تینی دایە خۆی و پەردەكە لادا، دەرگاكەی كردەوە پەڕییە كۆڵان و وەیلان بوو. یەكەمین كەس منی دیت، ئەو ڕووداوەی بۆ گێڕامەوە.

-٨-

دەتوانی وای وێنا بكەیت، كاتێک بەڕێككەوتێک بە كۆڵانی ماڵی ئەلیاسدا دەڕۆیت، تەق لە ئاستی تۆ دەرگای حەوشەكەی ماڵی ئەلیاس دەكرێتەوە، ژنێک بەڕووت و قووتی دێتە دەرەوە، تۆ نازانی چی بكەیت، نازانیت تەماشای بكەیت، یان جلەكانی خۆت لەبەرت دابكەنیت و بیكەیتە بەری ئەو، كەسیش لە كۆڵانەكەدا

نییە دەستی هانای بۆ بەریت، ژنەکە هێدی هێدی بۆ لات دێت، دەیەوێت لەگەڵ خۆتدا بیبەیت بۆ لای ئەلیاس، بەڵام تۆ ئەلیاس ناناسیت، دروستتر هەر ناشزانی کێیە، تەماشایەکی سەرەو خوارەوەی کۆڵانەکە دەکەیت، کەس نابینیت، دەترسیت کەسێک لەناکاو دەرکەوێت و تۆمەتبارت بکات بە دەستدرێژی و ئابرووت بەرێت، بۆیە سەرەو خوار تا تینت لەگیاندایە هەڵدێیت و خۆت قوتار دەکەیت.

-٩-

ئەلیاس لەو کاتەی، کە ژنەکەیان بردە مەیتخانە، زانیاری تەواوی هەبوو، کە هیچ کەس لە خزم و دۆست و ناسیاوەکانی بە مردنەکەیان نەزانیبوو، هەربۆیە کاتژمێر چواری بەرەبەیان، بەسەر دیواری مەیتخانەکەدا هەڵدەزنێ، خەمی ئەوەی نییە کێردە تیژە مویرەکە بچێت بە جێگەیەکیدا. بێ هیچ سڵەمینەوەیەک دادەبەزێتە ناو حەوشەکە. لەسەرخۆ بەرەو ژووری مەیتخانەکە دەچێت، دەست بۆ دەرگاکە دەبات و تێدەگات کە کڵۆم دراوە، پاشان دەڕواتە ژووری پۆلیسەئێشکگرەکان و کۆمەڵێک کلیل بە بۆردێکی تەختەوە دەبینێت، لەسەرخۆ کلیلەکان دەبات و بەرەو ژووی ساردکەرەوەکە دەڕوات، دەرگاکە دەکاتەوە و دەچێتە بەردەم کەوانتەری مردووەکان و چەکمەجە بە چەکمەجە ڕادەکێشێت و تەماشایان دەکات، لە چەکمەجەی ژمارە چواردەدا ژنەکە دەبینێت. تین دەداتە خۆی دەری دەهێنێت، لە باوەشی دەکات و بەرەو لای سەکۆی تویکاری دەبات و دایدەنێت، کەمێک بەدەوری تەرمەکەدا دەسووڕێتەوە دەگری، وەک گا دەبۆڕێنێت. ئیدی کێردەکە دەخاتە سەر سکی و دەست بەهەڵدڕینی دەکات.

-١٠-

تۆ وای بخەملێنە بیرۆکەی دزینی دڵی ئەو ژنە بەو دەم و دەست و خێراییە زیرەکی و خۆشویستنی لە ڕادەبەدەری ئەلیاسی دەسەلمێنێ، وا وێنای بکە ئێوارەی پێشتر ئەلیاس بەخۆی کۆترێکەوە بەرەو مەیتخانە دەڕوات، لەلایەکی بینای مەیتخانەکەوە کۆترەکە هەڵدەداتە سەربانی مەیتخانەکە، پاشان دەڕواتە لای پاسەوانەکەو داوای ئەوەی لێ دەکات مۆڵەتی پێ بدات بۆ هێنانەوەی کۆترەکان، ئەوە بهێنە پێش چاوت کە پۆلیسەکە نەک نایشکێنێت، بەڵکو ڕێنمایی دەکات بۆ چوونە سەربان، ئەلیاس بە دڵخۆشییەکەوە بە پێپلیکانەکاندا دەڕوات و لە پێشدا تاکە کۆترەکە دەگرێتەوە، پاشان دوو کیلۆ حەبی خەو دەکاتە ناو هەردوو تانکی ئاوەکە، لەسەرخۆ سەری تانکییەکان دادەداتەوە.

-١١-

ئەلیاس هەروەک چۆن نەیتوانی ژنەکە لە مێشکی دەربکات، هاوکات بە خۆی گوت: جوان نییە بەو چڵکنی و پڵکنییەوە بڕۆمە بەردەم ئەو ژنە، هەروەها نەیدەزانی دوایین جار کەی چووەتە حەمام گوتی: وا چووشمە حەمام خۆ سابوونمان نییە، ئەوەی کردبووە بیانوو، دەیزانی بۆنێکی ناخۆشی لێ دێت، بیری کەوتەوە، چەند ڕۆژێک لەوەوبەر سواری قەمەرەیەکی تاکسی بووبوو، شۆفێرەکە دەستی بەلووتییەوە گرتبوو. جگە لەو هۆیە ماوەیەک بوو بەتاکسی هاتوچۆی نەدەکرد و سواری پاس دەبوو، هەر زوو وازیشی لە سواری پاس هێناو بووە پیادەڕەو، ئەلیاس دەیزانی ئەو ژووانە بڕێک پارەی دەوێت، دڵی تەنگ بوو شوورەیی نەبووایە دەگریا. خۆزگە بگریایە، وەک دەڵێن گریان حەبی دڵتەنگییە، ئەلیاس دوای ئەوەی لە حەمام هاتە دەر ڕۆیشتە ژووری براکەی لەناو تاکی بۆفیەکەدا جلە تازەکانی ئەوی دەرهێنا، پانتۆڵەکەی لە پێ هەڵکێشاو بەدەم ڕێوە قۆپچەی کراسەکەی داخست تا گەیشتە کۆڵان، بەدڵخۆشییەکی بێ وێنەوە خۆی گەیاندە باخەکەو لەسەر دیواربەندی باخەکە دانیشت، هێندەی نەبرد لە کات و ساتی خۆیدا ژنەکە لەو بەر شەقامەکەوە دەرکەوت. بۆ ئەلیاس شۆک و دڵخۆشی بوو، کە دوای ساڵێک ڕوخسار و باڵای دەبینێتەوە. ئەلیاس گیانی کەوتە لەرزین. دەمی وشک بووەوە، چاوی بۆ قومێک ئاو گێڕا، ژنەکە چاوەڕوانی وەستانی ترافیکەکە بوو تا بپەڕێتەوە. ئەلیاس لە جێگەی خۆی جوولا و ڕۆیشت و بەلووعەیەکی بینی دوو قەفی کردەوە و دەمی پێوە نا، بەکورتی ئەو کە خەریک بوو ئاوی دەخواردەوە، لەناکاو گوێی لە دەنگی ئیستۆپی ئۆتۆمۆبیلێک و قریشکەیەک بوو.

-١٢-

زۆر باشە ئەگەر وا بیر بکەیتەوە، کە ئەلیاس بەرەبەیان کە هێشتا تەمی ئەو ترسەی لا نەڕەوییبووەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، لەگەڵ چوونە ژوورەوەیدا هەست دەکات هیچ کەس لە خێزانەکەیان بەئاگا نەهاتوون، لەسەرخۆ خۆی لە ژوورەکەی نزیک دەکاتەوە، بەترسێکەوە دەسکی دەرگاکە دەترازێنێت، کەمێک سەری دەباتە ژوورەوە، بەڵام هەست ناکات کەسێک لەوێ هەبێت، تەنیا پەی بەوە دەبات هێشتا دڵەکە لەناو دەفرە شووشەکەدا لەسەرخۆ دەجووڵێت، بەڵام هێشتا ناوێرێت بڕواتە ژوورەوە.